

## سەرکردەی گەوج .... بەری گەوجی کۆمەڵگایە

### جەزا چنگیانی

پێش ئەوەی کارتی قومارچیە کورد و عەرەبەکان لە سەر مێزی هەڵبژاردن ئاشکرابێت ئێمەی کورد لە سەر مێزی سیاسی عیراق دۆڕاین . جۆرج بۆشی ( کوڕ ) کە ڕەخنەی لە جورج بۆشی ( باوك ) لە سەر نە ڕماندی صدام گرت , بە گرنگترین فاکتەری بوونی سەرکردەیەکی دڕندەی وەك صدام و نا ئارامی ونا سەقامگیری گەوجی گەلانی عیراق نامۆ بوو . ئەو نەیدەزانی عیراق وولاتێکی زۆر عەنتیکەیە لە ماوەی 1921 تا 2004 کە دەگاتە 83 ساڵ ئەم کۆمەڵە مرۆ عەنتیکەیە نەك نەیان توانیوە لە یك بگەن . بەڵکو نەیانتوانیوە یاسایەکی پتەوەی وا بۆ ڕێخستنی کارو باری ڕۆژانەی خۆیان دا بڕیژن .کە بتوانن بە ئاسانی کارەکانی ڕۆژانەیان پێ جێبەجی بکەن .ئەوەی قەوارەی سیاسی وولاتێکی بە ( عیراق ) بەخشیوی تەنیا بوونی سامانی ( پترۆڵەکەیتی کە 75٪ هی کوردە ) یانی ئەم وولاتە بەبێ ئەم سامانە لە نەخشەی سیاسی جیهان و ناوچەکەدا صفرە دەبوو . گەلانی عیراق ( کورد و عەرەب ) گەوجێکەیان لەوەدایە تا بێز لەیەکتری بکەنەوە وبە تاکتیکی بەرژەوەندیەکانی بیانی بازی بە ژیان و ئایندەی خۆیان بکەن وگەرەکیان بێ پێکەوە لە زیندانی سنوری عیراقی زۆڵدا پێکەوە بژین . ئەو سێ جار 83 ساڵی تر ناگەنە ئەنجامێك کە پێبوتری ئەنجامێکی ئارام .قوماری سیاسی ئیمڕۆ لە سەر مێزی گلۆبالیزمی جیهانی سەرمایەداریە . سەرانی کورد ( تاڵەبانی و بەرزانی ) گەوجترین یاریکەری سیاسی جیهانی گلۆبالیزمن . جۆرج بۆش ( کوڕ ) بە گوێ باوکی نەکرد و ( تاڵەبانی و بەرزانی ) پەلکێشی مێزی قوماری سیاسی کرد وکارتی سیاسی دانە دەست لە جیاتی دوو جۆکەر سێ جۆکەری ( کەرکوك و خانەقین و موصلی ) پێدان . لە ئەنجامدا نەك نەیان توانی بازییەکی هوشیار بەو سێ جۆکەرەوە بکەن .لە سەر مێزیك بە ناو هاوبازی بوون لەجیاتی یارمەتی بلۆڤیان لەیەکتری دەگرت . بۆیە ناسیونالیستی عەرەبی بە هوشیاریەوە

جۆکەرەکانی لە دەست ( تاڵەبانی وبەرزانی) فڕاند . لە ئەنجامدا لە 8٪ وارەکەیان پیبڕا. زیادڕەویم نەنوسیوە کە گەلی باشور گەلێکی گەوجە .چونکە ڕێگەیان بە دوو سەرکردە داوە بازی بە چارەنووسیانەوە بکەن . ئەم دوو سەرکردەیە چەند ساڵ لەمەوبەر بەناوی کوردایەتیەوە مرۆڤی کوردی ساکاریان پەلکیشی شەڕی براکوژی و جاشایەتی ئیران و عیراق و تورکیا و ئیستاش هەڵبژاردن دەکەن لە هەموو قۆنتەراتە سیاسیەکانی ئەم دوو سیاسیەدا مرۆڤی داماوی کورد هەمیشە دۆڕاوی یەکەم و قوربانی بووە , لە سەرەتادا تاڵەبانی و بەرزانی ووتیان هەڵبژاردن دوادەخەین . پاشماوەیەکی کەم ووتیان هاوبەشی دەکەین لە هیچ یەك لە بڕیانانەدا تاکی کورد نەیویراوە پرسیاری ئەوە بکات ( لە سەر چ پرێنسبێکی سیاسی داوای دواخستنتان کرد و لە سەرچ پرێنسیبێکی سیاسی هاوبەشی دەکەن ( بێجگە وەرگرتنی ئەو برە ملوین دولارەی پارەی بۆ دەمکوتکرتنتان ) وەرتانگرت . لە تەك ئەم هەموو زیکزاکەی بە مرۆڤی کورد و جارەنووسی دەکریٚ مرۆڤی کورد چەشنی بەرغەل دوایان دەکەون . ئیستا تاڵەبانی لە لایەن ناسیونالیستی عەرەبیەوە ئەرکی ڕێکلامە بۆ هەڵبژاردنی پێسپردراوە , ئەم سیاسیە هێندە هوشیاری سیاسی ( **کاڵە**) سەرکردەی سوسیال دیموکراتی کوردە و جیاوازی لە نێوانی ( گەل و نەتەوەدا )*ناکات . لە ڕۆژی 12/16 لە کۆبونەوەیەکدا بۆئەوەی مرۆڤی ساکاری کورد پەلکێشی هەڵبژاردن بکات بەرامبەر بە دانیشتوانی هەورامان ووتی (نەتەوەی کورد و عەرەب لە عیراقدا دەبیٚ لە مافدا یەکسان بن ) کورد لە عیراقدا نەتەوە نیە . عەرەب لە عیراق ومیصر و سوریادا نەتەوەنین بەڵکو (گەلن ) . کۆمەڵگایەك هێندە گەج بیٚ دەستنیشانکردن و مسۆگەرکردنی ماف وپاشەڕۆژیان بدەنە دەست سیاسیەکی عەمارەپۆهزر وبیٚ دڵنیابوونێکی نێو دەوڵەتی هاوبەشی هەڵبژاردنیك بکەن کە کەسایەتی داتەپیوی عەرەبی عیراقی زیندو و بکەرە سرپووەکانی ئەنفال چالاك بکاتەوە . دەبیٚ ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی گەوج بیٚ .

من دةلَيم واية تؤش بروا ناكةيت ..... بابزانين ميذوو دةبيذي ضي .

* تەلەفزوینی کوردسات ڕۆژی 2004/12/16

2004/12/20

فرانکفۆرت

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de